# ئێمە خەڵکی کام وڵاتین؟

**دکتۆر توانا سلێمان مەجید**

پلنیۆمی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە چەپڵەڕێزان کۆتاییهات! چەپڵەڕێزان بۆ سەروەری دیکتاتۆرییەت، بۆ سووربوون لە سەر گەندەڵی و بۆ بەرێزنرخاندنی جاسووس و فایلدارەکان. دەشێت لە ڕێکخراوێکی سیاسیدا لە کەمتەرخەمی کادرێک ببووریت. لە سەرپێچیکردنی ئەندامێک ببووریت. بەڵام لە هیچ کون و قوژبنیکی جیهاندا نەبیستراوە و نەبینراوە، ڕێکخراوێکی سیاسی لە جاسووس و خۆفرۆش خۆشبووبێت! بەڵام یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەمیشە لە گشت هونەرەکانی تەفرەپێدانی جەماوەر و بەفیرۆدانی دەستکەوتەکانی گەلی کوردستاندا داهێنەربووە. دەبوو جاسووس و خۆفرۆشەکان، وەک داب و نەریت، بە چەپڵەڕێزان شاربەدەربکرابان! کەچی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بە پێچەوانەی نەریتی کوردانەوە، جاسووس و فایلدارەکان باڵاسەردەخات و خەڵاتدەکات! ئەمە تەنها نیشاندەری ئەندازەی ئەو شکستە سیاسی و ڕەوشتییەیە کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان دووچاریبووە. بەڵام ئەگەر لە گۆشەیەکی ترەوە بڕوانینە ئەم ڕووداوە ئابڕۆبەرەی پلنیۆمی 2007، دەشێت لەوەی کە مەزەنەدەکرێت زۆر سووککێشتربێت. چوونکە ئەم سەرکردە فایلدارانە تەنها سیخوڕی و جاسووسیان بۆ ڕژێمی گۆڕکراوی بەعس کردووە. لە کاتێکدا ناو سەرکردایەتی و باڵادەستانی ئێستای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، چەندین جاسووس و سیخوڕی وڵاتانی داگیرکەری کوردستانی وەک کۆماری ئیسلامی ئێران، و تورکیای تێدایە. تەنانەت ئەمەریکای دۆستیش، سیخوڕی لەناو سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا چاندووە! هەڵبەتە بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی ئەو ڕۆژە دەکەین کە فایلی ڕەشی ئەو چڵکاوخۆرانەش خۆری ڕاستیەکان لەسەریان هەڵکات.

یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە نزمترین ئاستی ڕەوشتی و وورەی سیاسیدا دەژی. هەڵوەشاندنەوەی ئەمجارەی مەکتەبی سیاسی بەهێزترین گورزبووە کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە درێژایی مێژووی لێی کەوتبێت. چوونکە ئەمجارەیان عێراقچی و ئاش و ماش نەبوون ئەوانەی دەستیان لە کارکێشایەوە. بەڵکو خوودی ئەوانەبوون کە جەلال تاڵەبانیان وەک مێردەزمە بەسەر یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا سەپاند. ئەوانەی ئێستا لە دەوری جەلال تاڵەبانی کۆبوونەتەوە، بنەماڵە مشەخۆرەکەی خۆی، کۆمەڵێک گەندەڵ، چەند جاسووسێک و نزمکەسایەتیەکن کە هەرگیز لە توانایاندانیە تووخمی ڕێکخراوێکی سیاسی سەرکەوتو پێکبهێنن. یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەبەرامبەر ڕێکخراوە سیاسیە ڕکەبەرەکانیدا، لە پاشەکشێدایە، و بەردەوام زەمینەی سیاسی لەدەست دەدات. هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، باشترین بەڵگەن کەچۆن تەکەتول و گەندەڵی تا سەر ئێسکی ڕێکخراوەکەیان ڕۆچووە. یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەیەوێت بە ئەفسانەی مێژووی شاخ جەماوەر هەڵبخەڵەتێنێت. بەڵام مێژووی شاخیش هەر وەک ئێستای شار وابووا!

ئەوەی جێگای بەزەییە، هەندێ لە کادرەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەیانەوێت لەناوئاخنی ڕێکخراوەوە چاکسازیبکەن. بەڵام دیارە دەیانەوێت ئاو بە بێژنگ بگرن. دیکتاتۆرییەت وگەندەڵی لە ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە ئاستێکی ئێپیدەمیک گەیشتووە و خاڵی وەرچەرخانی لە مێژە ڕەتکردووە.

**ئێمە خەڵکی ئەو وڵاتەین، دیکتاتۆرە کووختەباڵاکان، چەپڵە بۆ سیخوڕەکان بە دەروێشەکانیان لێدەدەن.**